# پاکس ئەمریکانا یان ئەنتی ئەمریکانا

## وەلامێک بۆ فاروق ڕەفیق

نووسینی : فرسەد ڕۆژبەیانی
rosbeiani@web.de

لەلای کورد دژایەتی کردنی ئەمریکا وەک وولاتێک ئەوەی لە ئەلمانیدا پیّ ی دەلێن (ئەنتی ئەمەریکانیسموس) شتێکی نوێیە و نامۆیە بە دونیای ڕۆشەنبیری کوردی، هەر چەندە نابێ ئینکاری ئەوە بکەین کە ڕووخانی دیواری بەرلین، کوردە چەپەکان بە سیاسی و ڕۆشەنبیرەوە بە قەد بلۆکی ڕۆژهەلات دژایەتی بلۆکی غەربیان دەکرد.

لەگەڵ دروست بوونی ئیسلامی سیاسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە کۆتایی هەشتاکاندا بە چاو لێکەری لە اخوانی مسلمینی میسر و هاندانی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران و کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، مەسەلەی دژایەتی ئەمریکا کەوتە بەرباس، ئەو زەواجی موتعەیەی کە لە بەینی ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی جیهانی بوو کۆتایی پیّ هات و بوون بە دوژمنی یەکتر، بۆ چی؟

بە ڕای من لە ناو هەناوی ئیسلامی سیاسی عەرەبیدا ڕەگێکی قووڵی ناسیۆنالیستی عەرەبی هەیە، دامەزرێنەرانی ئەو بزووتنەوە و حیزبانە هەر چەندە ئینکاری ناسیۆنالیستی خۆیان دەکەن بەلام ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەینە هەڵسوکەوتیان تەواو دیفاع کردن لە مەسلەحەتی ئوممەی عەرەبی پێوە دیارە، زۆر جار ووشەی ( امة) بەکار دەهێنن نازانیت مەبەستیان ئوممەی عەرەبی یان ئوممەی ئیسلامی.

ئەگەر دۆزی فەلەستین بە نموونە بهێنینەوە کە ئیسلامی سیاسی عربی چەند خەمخۆریەتی و دەیهەوێ پشتی فەلەستینیەکان بگرێ و دژ بە ئیسرائیلیەکان بوەستێ، بە ئاشکرا مەبەستی ناسیۆنالیستی یانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئەوان ئەگەر مەسەلەکە هەر ئیسلام و موسولمانان بێ کە غەدریان لێکراوە لە فەلەستین، ئەوە دەبوایە بۆ نموونە بۆ کوردیش هەر وایان بکردایە چونکە کوردیش وەک فەلەستینیەکان لە ئەرزی خۆیان دەرکراون (تەعریب) و (تەرحیل) باشترین نموونەن کە ئێمە دەتوانین لە ئیسلامیە سیاسیە عەرەبەکان بپرسین: ئایا بۆ چی دەبێ هەموو دونیا خەم بۆ عەرەبی فەلەستین بخوات بەلام نابێ باس لە دەربەدەرکردنی کورد بکرێ لە کەرکوک و لە موسل و لە خانەقین؟ ئایا بۆچی ئیسلامیەکان تا ئێستا بێ دەنگ بوون لە زیندە بە چاڵ کردنی منداڵ و پیری کورد و ئەنفال کردنیان، ئێمە ڕازین بە بێ دەنگی بەلام کار گەیشت بەوەی کە ئیسلامیە سیاسیە عەرەبەکان تەحالفیان هەبوو لەگەل ڕژێمی بەعسی لە عیراقدا و بۆ نموونە (جند الاسلام) لە وەتەی دروست بووە یەک فیشەکی نەناوە بە حکومەتەوە، بەڵکو هەموو تفەنگەکانی ئاراستەی سنگی کورد کردوە.

ئەم سەرەتایەم بە پێویست زانی بۆ چوونە ناو باسەکەمەوە، کە ئەویش لە هەفتەنامەی (هاوولاتی) ئازیزدا چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژ لەگەڵ مامۆستا (فاروق ڕەفیق) دا کراوە لە لایەن خاتوو (ناسک قادر) ەوە لە بەرواری 2002 /03/18 و منیش هەر چەندە دوای ساڵێک زیاتر خەریکی وەلامدانەوە ی ئەم چاوپێکەوتنەم بە شێوەیەکی پچرپچر لە کۆتایی مانگی 2003/5 تەواو بوو، هەر چەندە ئەو ڕایانە کە مامۆستا ڕەفیق لە بارەی سیاسەتی دەولی و پێشهاتەکانی ئاکتوێل نەماون بەلام مەسەلە فیکریەکانی کە خۆی لە قەرەیان داوە ئەوە هەڵدەگرێ وەلامیان بدرێتەوە.

ئەم چاوپێکەوتنە ئەوەندە ڕەخنە لە خۆی دەگرێ، بە جۆرێک دەتوانین هەر لە سەرەتاوە ڕەخنە لە خاتوو ناسک قادر بگرین، چونکە خاتوو ناسک بە چاوێکی سووکەوە لە ڕۆشەنبیری کورد دەڕوانێت، کەچی ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕاستیدا هەر بۆ ڕۆشەنبیران کراوە، خاتوو ناسک دەڵێ: ((... یان ئەوەتا قسەکان دەچنە ڕیزی گفتوگۆی هەندێ _ڕۆشەنبیر_ ەوە کە قسە کردنی ئەمانیش شوێنی ئیشکالیەتە ..)) لای خاتوو ناسک لە ناو ڕۆشەنبیری کوردی دا کەس نییە لە ((.. پەیوەندی نێو دەوڵەتی تێگەیشتن شارستانیەتی ئەوروپی، تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، تێگەیشتن لە عەولەمە و دوا جاریش لە هەمووی ترسناکتر نە شارەزایی ئەم دەستە و تاقمە (واتە ڕۆشەنبیری کورد) لەو شارستانیەی کە کورد بەشێکە لێی (واتە شارستانیەتی ئیسلامی)

له لایەکی تر خاتوو ناسک چاوپێکەوتنەکەی خۆی بە یەکەم چاو پێکەوتنی درێژ دەزانێ لە ڕۆشەنبیری کوردی دا ((.. ئەم چاوپێکەوتنە تەواو جیاوازە لەوەی کە خوێنەری کورد پێی ڕاهاتووە لەوەدا کە ڕۆژانە چەندەها چاوپێکەوتنی کورت کورت دەبینین کە دوا جار مانا دروست ناکەن...))

سەیرە ئەوەی توانی چوار پرسیار بکات خۆی بە باشترین ڕۆژنامە نووس بزانی، کە لەوانەیە ئەمە یەکەم یان سەرەتای چوونە ناو ئەم بوارەی بێت، ئەم غرورە سەرچاوەی لە کوێ دەگرێ؟ لەبەردرێژی چاوپێکەوتنەکە و پێکهاتنی لە سێ تەوەر، لێرەداو وەڵامی تەوەری یەکەم دەدەینەوە وا باشترە خوێنەری ئازیز چاوپێکەوتنەکەی فاروق ڕەفیقی خوێندبێتەوە ئینجا ئەم ووتارە بۆ ئەوەی وێنەیەکی کامل لەسەر مەسەلە دروست بکات.

له سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا لە ل 1 بۆ ل 7 مامۆستا فاروق ڕەفیق پێمان نیشان دەدات کە ئەو چەند شارەزای (IR) ە واتە پەیوەندیە دەولییەکانە و محازەرەیەکمان پێ دەڵێ کە لەوە دەچێ بۆ درێژ کردنەوەی چاوپێکەوتنەکە بێ و ئەم باسە هەموو کەس دەتوانێ لە دوو تووی کتێبێکی مەنهەجی بیخوێنێتەوە.

له ل 8 مامۆستا فاروق ڕەفیق باس لەوە دەکات کە فەندمەنتالە مەسیحیەکان تەلەفزیۆن و زانکۆی خۆیان هەیە و کەس پێیان ناڵێ بەرنامەکانتان بگۆڕن.

ئەم قسەیە لە ئاکامی داواکردنی ئەمەریکا دێت لە دوای 11 ی Sep کە لە ووڵاتە ئیسلامیەکان کە ئەو پاشاگەردانیەی لە مدارسی قورئان و مناهجی چاخی ناوەڕاستی سعودیە و پاکستان و ئەفغانستان بە تایبەتی، بگۆڕن و چی تر تالیبان بەرهەم نەهێنن بۆ جیهانی مۆدێرن.

ئەم داوایە مامۆستا ڕەفیق شپرزە دەکا و دەڵێ : ئەی بۆ چی ئەوان مدارسی دینی خۆیان داناخەن، ئەگەر سەرەنجی ئەم شێوە بیرکردنەوانە بدەین لە بیرکردنەوەی مرۆڤێکی سادەی دێیەکی ئەفغانی دەچی و شتەکان وەک شەرە گەرەک تێ دەگات، لەبەر ئەوەی ئەوان داوا دەکەن مدارسی دینی ئێمە داخرێ کە واتە دەبێ ئێمەش داوا ی داخستنی قوتابخانە دینیەکان وان بکەین (1)

بەڵام مامۆستا ڕەفیق کە لە کەنەدا دەژی ئەی بۆ چی وا بیر دەکاتەوە؟ ئەگەر بیرمەندێک خەمی مەعریفی هەبێ وا بیر ناکاتەوە ئەو خەمی ئایدیۆلۆجی هەیە.

ئەگەر مدارسی دینی ئیسلامی بەرهەمی وەک اسامە بن لادن و مەلا عومەری هەبێت بێ گومان پێویستی بە داخستن هەیە یان هەر هیچ نەبێ پێویستی بە گۆڕینی مناهج هەیە.

دەبێ بەڕێوبەرانی ئەم مدارسانە بزانن کەچی تر ناکرێ دونیا بۆ (دار الحرب و دار السلام) واتە (فسطاطین) بە قسەی اسامە بن لادن، غەیرە موسڵمان بە دوژمنی سەیر بکرێ و بە بێ هیچ هۆیەک هێرشی ببرێتە سەر و ناوی جیهادی لێ بنرێ.

ئێمە دەتوانین ئیسلامیش بین و لە دونیای مۆدرێنیشدا بژین و کەسیش بە دوژمنی خۆمان نەزانین، سەیر ئەوەیە تەنها ئەم ئیسلامیانە بۆ غەیرە دینی هێرش دەبەنە سەر مەسیحی و جولەکە، لە کەمپەکانی اسامە بن لادن دا فیگوری پیاوێک کراوە خاچی بە سەرەوەیە و تەقەی لێ دەکەن، باشە بۆ تەنها مەسیحی و جولەکە بە دوژمنی خۆیان دەزانن؟؟؟

ئاینی تریش هەیە جگە لە مەسیحی و جولەکە کە لەگەل ئیسلامدا تەبانین، بەڵام مەسیحی و جولەکە نزیک ترین ئاینین لە ئیسلام و ئیسلام ئیعتیرافی پێیان کردووە، من وا تێ دەگەم جولەکە ڕەمزی ڕقە لە دەوڵەتی ئیسرائیل و دامەزراندنی لە لاشعوری هەموو ناسیۆنالیستێکی عەرەب برینێکی گەورەی دروست کرد کە کاری لە ئیسلامیەکانیش کردووە، هەروەها مەسیحیش ڕەمزی ڕق لێ بوونەوەی ئیسلامیەکانە لە ئەمریکا و پشتگیری کردنی بەردەوامی دەوڵەتی ئیسرائیلیە وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد.

هەر لە ل 8 دا باس لە جەهلی خەڵکی ئەمریکی دەکات لە بارەی کەمی زانیارییان لەسەر ڕووداوەکانی جیهان، ئەگەر ئەمریکاییەکان ڕازی بن بە بەندکردنی هەندێ مووسڵمان لە ناو قەفەسدا کەواتە ئەمریکا میللەتێکی زیندوو نی یە.

لێرەدا مامۆستا ڕەفیق باس لە ئاگایی ئەمریکیەکان دەکات لە ڕووداوەکان بەڵام خەتای کێیە ئەمان وابێ ئاگان، بۆ چی تا ئێستا مامۆستا ڕەفیق کتێبێکی لەسەر ئیسلام نەنووسیوە کە خۆی دەڵێ من بە چەند زمانێک

دەخوێنمەوە، دەبوایە بە یەک زمان خەڵکی ئەمریکای هۆشیار بکردایەتەوە، و بەڵام بۆ ئەوەی ئەمریکاییەکان گوێ لێ بگرن دەبێ بە گوێی مامۆستادا بچرپێنم کە تۆزێ لە ئسلووبی خیتابی خۆی بگۆڕێ و جنێو ئامێز قسە نەکات نەوەک ئەمریکیەکان گوێی لێ نەگرن.

بەڵام ئایا بە ڕاستی خەڵکی ئەمریکی ئاگاداری دونیا نین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە من نایدەمەوە چونکە خوێنەری کورد زۆر لەوە زیرەکترە کە شتی بەڵگە نەویستی بۆ ئیسپات بکەیت.

مامۆستا ڕەفیق لە ل 10_11 دەدا دەڵێ: (... ئەوەی کە ئەوروپا بێ دەنگە کە دواتر دێمە سەری لەبەر ئەوەیە کە پرۆژەی پاکس ئەمریکانا درێژکراوەی پرۆژەی ئیمپریالیستیە کولونیالیستەکەی ئەوروپایە کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە دا لە ژێر پەیامی پیاوی سپی بەرێ کرا . لە ژێر دروشمی پیاوی سپیدا بۆ بەشارستانی کردنی بەشەرییەت جیهان کۆلیۆنەلایز کرا ئەمرۆش لە ژێر دروشمی دژایەتی کردنی تیرۆریزم دا ئەمریکا دەیەوێ درێژە بە پرۆژەی هەیمەنە کردنی جیهاندا بدات، لەبەر ئەمەیە ئەوروپا دەتوانێ لەگەڵ ئەم پرۆژەیەی ئەمریکادا هەڵبکات، خۆ ئەگەر لێرەشدا کەسێک نارەزایی دەربب ڕًێت کە لە ئەوروپادا خەڵک هەیە دەنگی لێ بەرزبوونەوە هیچ نییە جگە لە بڵمە بڵم...)

ئەو بەرهەڵستی کردنەوەی ئەوروپا لە دژی شەڕ بۆ سەر عیراق تەنها بڵمە بڵم نەبوو بەڵکو دەریایەک بوو لە خۆ پیشاندانی جەماوەری دژی شەڕ وەک مبدا هەندێ لە خۆ پیشاندەرەکان وایان دەزانی ئەمریکا هێرش دەباتە سەر ئێران و فەرقیان لە نێوان عێراق و ئێراندا نەدەکرد ئەمە لە ئەڵمانیا و لە هەموو جیهانیشدا بینیمان چۆن دژی شەڕ ڕاوەستان کار گەیشت بەوەی ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عیراق بە بێ ئیزنی UN و مجلسی ئەمن لە ترسی ڤیتۆ گرتنی روسی و فەرەنسی، ئەمانە هەمووی هەڵەی پێشهاتەکان مامۆستا ڕەفیقن.

هەروەها خەڵکی ئەڵمانیا ئەوەندە دژی شەڕبوون کە حیزبی SPD لە هەڵبژاردندا دەرچوو چونکە بەشداری نەکردنی ئەڵمانیا لە شەڕ وەک وەرەقەیەک بەکارهێنا بۆ دەرچوون لە هەڵبژاردن و توانی بباتەوە، کار گەیشت بەوەی قەشەی بەرلین داوای مقاتتەعە کردنی کاڵای ئەمریکی دەکرد و هەندێ خەڵک هاتووچووی ماکدۆنالدز و شتی ئەمریکی یان نەدەکرد و سەرۆکی حزبی CDU داوا لە خەڵک کرد واز لەو عەقلیەتە بهێنن کە ئەگەر پەرسیویشمان هەبێ خەتا هەر لە ئەمریکایە!!

ل 11 مامۆستا ڕەفیق باس لە هەیمەنەتی پیاوی سپی دەکات، بیرۆکەی پیاوی سپی کە شارستانیەت دەهێنێ بۆ مرۆڤایەتی ئەوا لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە دروست بوو کە بیرۆکەیەکی ڕەگەز پەرستی بوو و لە ئێستای ڕۆشەنبیری دا وەک فۆلکلۆر باس دەکرێ کەچی لای مامۆستا ڕەفیق هاڵاوی لێ هەڵدەستێ و نوێ یە و مامۆستا لە بیر دەکات کە نیوەی خەڵکی ئەمریکا ڕەش پێستن یان لاتینین یان لە ئاسیاوە هاتوون و هەندێ لە کاربە دەستە هەرەبەرزەکانی ئەمریکا ڕەش پێستن وەک کۆلن پاول وەزیری دەرەوە.

ئەم شێوەبیرکردنەوەیە لەسەر ئەمریکا لە بیر دەکات کە ئەمریکا وولاتێکی دیموکراتیە و قەرار هەر بە دەست سەرۆک نییە وەک لای خۆمان، باس لە ئەمریکا دەکات وەک وحدەیەکی متجانسی یەک حزبی و شێوەی بیرکردنەوە شەرقیانەی مامۆستا ڕەفیق ناتوانێ ئەوە تێ بگات کە ئەمریکا ڕۆژ هەڵات نییە.

ل12، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا ئەم شەڕە شەڕی دژی تیرۆریزم شەڕێکە دژی ئیسلام، مامۆستا ڕەفیق دەڵێ: (بەڵێ)!

لێرەدا هەم پرسیار و هەم وەڵام بە شێوەیەکی ئایدیۆلۆژی ڕێک خراون، دەبێ لە سەرەتادا بزانین کە ئەم شەڕە چۆن دژی ئیسلامە و لیستی ئەمریکی بۆتیرۆر زۆر تاقم و گروپ دەگرێتەوە کە هەر فریان بە سەر ئیسلامەوە نییە بۆ نموونە (نمووری تامیل)، بزووتنەوەی باسک. بەڵام کە زۆربەی بزووتنەوەکانی جیهان ئیسلام تیرۆربەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانج خەتای کەس نابێ بگیرێ ئەگەر بەرهەلستی بکرێت، ئەوە بەدبەختی ئیسلام و موسوڵمانانە، چونکە بۆ نموونە ئەو شێوازەی کە حماس یان جیهاد دەیگرنە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانج کە هەموو ڕۆژێ گەنجێ دەنێرن بۆ خۆ تەقاندنەوە لە ناو پاس و کافێی و خەڵکی سیڤیل دەکوژن، یان جەماعەتی ابو سیاف خەڵکی بێ تاوان بە بارمتە دەگرن و دوایی بە پارە بەریان دەدەن، یان ئیسلامیەکانی جەزائیر لە سەحرادا تۆرستی ئەوروپی بێ تاوان شوونبزردەکەن.

لێرەدا ئەم دیماگۆگیەی مامۆستا ڕەفیق وا دەکات کە خەڵک (تزیف وعی) بۆ دروست بێ وا لە خەڵک دەگەیەنێ کە ئەمە شەڕێکە دژی ئیسلام و لە ڕاستیدا ئەمە شەڕی جیهانی مۆدێرنە لەگەڵ کەسانێک کە ئیسلام بۆ مەبەستی ڕامیاری خۆیان بەکاردەهێنن.

دوایی مامۆستا ڕەفیق دێ باس لە فۆرتۆنی هۆڵەندی دەکات و بە شێوەیەکی زۆر سەیر دەڵێ: (شەلاتی ... بازاڕی.... دیماگۆگ) چونکە ئەم فۆرتۆن ناوە داوای قانوونی تایبەتی بۆ موسڵمانان دەکات لە هۆڵەندا، فۆرتۆن لە لیبرالیترین وولاتی جیهاندا دەژی و دەتوانێ بە سەربەستی داوای شت بکات ئەگەر زۆرینەی خەڵک لەگەڵی نەبن و بە ڕەگەز پەرستی بزانن و شەرت نییە ئەمە تەعبیر لە ڕای حکومەتی هۆلەندا یان گەلی هۆڵەندی بکات، بەڵام کاتێ کە تالیبان ویستیان هندۆس و بودایییەکان جلی تایبەتی لەبەر بکەن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە و مامەلەی تایبەتییان لەتەکدا بکرێت، بۆ دەنگ لە مامۆستا رەفیق بەرز نەبۆوەو بە مەلا عومەر و هاوڕێکانی بلێ شەللاتی، دیماگۆک، بازاری؟(2)

ل 12 _13 مامۆستا ڕەفیق پێمان دەڵێ کە ئەمڕۆ غەرب و ئەمریکا دژایەتی ئاینی ئیسلام دەکەن چونکە ناوی ئیسلامە و دەتوانێ بەرامبەر عەولەمە و داگیر کردنی جیهان لە لایەن ئەمریکاوە بوەستێتەوە و ڕێگایان لێ بگرێ، هەروەها دەڵێ غەرب دژی ئیسلامی سادەیە لێرەدا ڕاستیەک ژێر لێودەکرێ کە غەرب و شەرق و عەقل دژی تیرۆرە کە ئیسلام وەک پردێک بە کاردەهێنێ بۆ گەیشتن بە دەسەلات، دەشلێ چونکە فەندەمەنتالیزم لە ئاینی مەسیحی و هندیدا هەیە بەڵام محارەبە ناکرێ کەواتە جەنگەکە دژی ئیسلام خۆیەتی نەک ئسوولیەتی ئیسلام.

لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە چۆن ڕاستیەکان قلپ دەکاتەوە و هەوڵ دەدات وێنەیەکی ساختە و ئاوەژوو بدات بە خوێنەری کورد لەسە ئەسلی مەسەلەکە، بێگومان تیرۆر لە هەموو دونیا دا مەحکوم کراوە جا چ هیندی بێ یا مەسیحێ بێ یا ئیسلامی.

ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە چ مەسلەحەتی ئیسلامی تێدایە ئەگەر بکرێ بە دوژمنی هەموو دونیا کە خەڵکانێکی وەک مامۆستا ڕەفیق کاری بۆ دەکەن؟

ئەگەر ئسوولیە ئیسلامیەکان زەرەرێکی زۆر گەورە بە ئیسلام و ڕووی شارستانیەتەکەی بگەێنن بەو کارانەی ئەنجامی دەدەن بە ناوی جیهادەوە ئەوە نووسەری وەک مامۆستا ڕەفیق بە عوزر هێنانەوە بۆیان و دەست لە پشت دانیان، ئەوا گورزێکی گەورەتر لە ئیسلام دەدات.

لە ل 13 دەڵێ (... ئەگەر وا سەیری پرۆژەی ئەمریکا بکەین کە گوتارێکی خاوەن هەیمەنەیە ئەوا لە ئیسلامدا هەم گوتاری نەیار هەیە ئەگەری گوتاری بەدیل بە واتایەکی تر، ئیسلام وەک کانونێکی فەرهەنگی هەم ئەگەری ئەوەی پێیە کە نەیاری ئەو پرۆژەیە بێت بە مانای ئەوەی پرسیار و مانای بەهای ئەوتۆ لەبەردەم ئەو پرۆژەیەدا قوت بکاتەوە کە ببێتە مایەی ئەوەی ئەم پرۆژەیە لە پرۆژەیەکی بێ ئیشکالیەتەوە ببێتە پرۆژەیەکی پڕ لە ئیشکالیەت...)

با منیش لێرەدا ڕێگا بە خۆم بدەم و پرۆژەکەی مامۆستا ڕەفیق پڕ لە ئیشکالیەت بکەم و بپرسم: ئەم دەستەواژانە (کانونی فەرهەنگی) و (گوتاری بەدیل) و (گوتاری نەیار) چی دەگەێنن، چونکە بە بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک پێمانی دەفرۆشێ!؟ ئیسلام چۆن دژی فەرهەنگی غەرب و ئەمریکایە بە تایبەتی ئەوەی شارەزای فیکر و مێژووی ئیسلام بێ قسەی وا ناکات، چونکە ئیسلام ئاینێکە( حیسسیەت ) ی ڕەفز نەکردۆتەوە، ئیسلام کاتێک کە لە عیراق و ئێران و میسر دا بڵاوبوەوە موسڵمانەکان بۆ بە ئیسلامکردنی خەڵکی ئەم وولاتانە کەوتنە موجادەلە لەگەڵیان و لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو وولاتانە خاوەنی کولتورێکی دەوڵەمەند بوون بە ئاسانی نە دەبوون بە ئیسلام بۆیە موسڵمانەکان پەنایان بردە بەر فەلسەفە و مەنتیق و دەستیان کرد بە وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ عەرەبی و ئەو ئەفکارانەی وەریاندەگرت بە فلتەرێکدا دەیانچۆڕاندەوە کە دژایەتی لەگەڵ بنەما بنەڕەتیەکان دا نەکات وەک وەحدانیت و بڕوا بوون بە پێغەمبەر و حەشر و نەشر ...هتد.

وەرگێڕانی فیکری فەلسەفی یۆنانی لەسەر دەستی خەڵکانێکی سریانی زمان و بە ئایین مەسیحی کرا، کەواتە هەر لەسەرەتاوە موسڵمانەکان پێش 800 ساڵ زۆر لە موسڵمانەکانی ئەمڕۆی ئێمە تۆلەرانستر بوون بۆ وەرگرتنی فیکر و تێکەڵ بوون لەگەڵ گوتاری ئەوانی تر کە موسڵمان نەبوون. لە دونیای مۆدرێنی ئەمڕۆدا

دەکرێ موسڵمانانیش بە بێ ئەوەی هەست بکەن کە ئایینەکەیان لەکەدار بووە، بۆ خۆیان وەک ژاپۆنیەکان هەم ژیانی رۆحی خۆیان بپارێزن هەم دونیاش داگیر بکەن بەڵام بە شێوەیەکی ئابووری.

خاڵێکی تر کە گرنگە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە ئایا مامۆستا ڕەفیق هەروا بە گۆترە ووشەی ئیسلام و موسڵمانان بە کار دەهێنێ مەبەستی لە کام ئیسلامە ئایا ئیسلامی وەهابی سعودیە یان زەیدی یان خەوارج یان شیعە،وەک دەزانین ئیسلام ئەمرۆ وحدەیەکی متجانس نییە و لە چەند مەزهەب و تایەفە پێکهاتووە.

بەڵام وای بۆ دەچم کە مامۆستا ڕەفیق لە ئیسلامی وەهابی بێ، ئەم مەزاهبە ئیسلامییانە زۆر دژی یەکن تا ڕادەی بە کوفرکردنی یەکتر و کوشتنی یەکتر و ئەمەش هیچ لەقیمەتی ئیسلام کەم ناکاتەوە چونکە ئایینێک ملیارێک ئەندامی هەبێ و ئەو مێژووە درێژەی پڕ لە شەڕ و پیلانگێڕانی وەک ئیسلامی هەبێ، هیچ غەریب نییە کە ئێستا خەڵک دابەشی سەر (ملل و نحل) بووبن.

باس لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەکات و دەڵێ لەم شەش مانگەی دوایی لە ئەمریکا سی هەزار کەس بوون بە موسڵمان، ئێمە لە غەرب دەژین و دەزانین مرۆڤی غەربی هیچ مەنعێکی لەسەر نییە کە ئایینی خۆی بگۆڕێ بۆ نموونە کاتێک کە مەسیحییەک دەبێ بە موسڵمان کەس بە مرتدی لە قەڵەم نادا و محاوەلەی کوشتنی ناکرێ، بۆ نموونە کە موسڵمانە و زانایەکی گەورەیە و لەسەر ئیسلام شت دەنوسێت بەڵام بە مرتد دادەنرێت چونکە بەرهەمەکانی زانستی زمان و فکری نوێ لەسەر نصوصی ئاینی بەکار دەهێنێت، کار گەیشت بەوەی کە محاوەلە بکرێ ژنەکەی لێ تەڵاق بدرێ چونکە نابێ ژنێکی موسڵمان لەگەڵ پیاوی مرتد دا بژی.

کاتێک کە ( ڕۆژێە گارودی ) بوو بە موسڵمان دوایی ووتی ( انا لم اتخلی عن مسیحیتی عندما اصبحت مسلما).

وابزانم ئیسلام یەک ملیار ئەندامی هەیە و ئیسلام لەوەگەورەترە کە تۆ دڵت بەوە خۆش بێ کە یەکێک زیاد بووە لەو ملیارە یان چەقۆ بۆ هەندێکی تر تیژ بکەی کە بە تەمان (ارتداد) بکەن دەبێ هۆیەکانی نەهێشتنی ارتداد لە ناو گەنجی موسڵمان نەهێڵێ نەک دڵت بە زیاد بوونی ژمارە خۆشبێ.

لە ل13 دەڵێ (... ئیسلام لەسەر هەڵدانیەوە وەک ئاینێک دوا جاریش گۆڕینی ئەم ئاینە بۆ پرۆژەیەکی شارستانیەتی کانونێکی فەرهەنگی هەیە لە ناو ئەم فەرهەنگەدا میراتێکی فیکری دەوڵەمەند هەیە و گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەسەر عەدالەت و چۆنیەتی ڕێکخستنی جیهان هەیە، ئەم شارستانیەتی ئیسلامە شارستانیەتێکی هۆریزەنتال نییە (ئاسۆیی) بەڵکو شاقووڵی یە واتە پەیوەندی بە موتڵەقەوە هەیە و ئاینی تەوازونەوە، تەوازون لە نێوان ڕەهەندی ڕووحی و دونیا کاتی ژیانی ئینسان، تەوازون لەسەر ئاستی ژینگە، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ... بۆ نموونە حسسی عەدالەت لە ناو فکری ئیسلام ڕیشەیەکی ترانسدنتالی واتە متعالی و ڕیشەیەکی فەلسەفی هەیە...)

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە هەڵدەگرێ بە کتێبێک وەڵامی بدرێتەوە چونکە ئەوەندە مەسەلەی وروژاندووە کە هەر دێرێک پێویستی بەوە هەیە بۆ خوێنەری ڕوون بکەینەوە کە ئایا مامۆستا ڕەفیق چۆن شتەکانی هەموو تێکەڵ کردووە و بۆیەش هەر شکم هەیە کە مامۆستا ڕەفیق خۆی خاوەنی ئەم ڕایانە بێ.

خاڵێکی تر ئەم هەموو حوکمانە لەسەر ئیسلام کە مامۆستا ڕەفیق پێمان دەفرۆشێ بە بێ هیچ نموونە هێنانەوەیەک و چاو پێ کەوتنەکە وەک ئامادەکەرەکە ئاماژەی بۆ دەکات نەک تەنها درێژە بەڵکو مامۆستا ڕەفیق لە چەند شوێن خۆی دووبارە دەکاتەوە کەوابێ بۆ چی هیچ نموونەی بۆ نەهێناوەتەوە؟

ئاینی ئیسلام وەک هەر ئاینێکی وەحدانی تر ئەو قییەمە فیکریانەی کە تیایدایە هاوبەشیەکی توندی لەگەڵ یەهودیەت و مەسیحیەتدا هەیە . مێژووی ئیسلام دەری دەخات کە مامۆستا ڕەفیق لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا بە پێچەوانەی ڕەوتی مێژوو دواوە، چونکە، ڕاستە ئایین لە (نەصدا) ڕەفتاری عەدالەت و قییەمی جوانی تێدایە، بەڵام ئەم ئایینە چی لێ بەسەر دێت لەسەر دەستی مرۆڤدا، چونکە مرۆڤ ئەم نەصە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار دەهێنێ.

بۆ نموونە باس لە حیسسی عەدالەت دەکات، منیش دەڵێم وەکو نەص عەدالەت لەناو ئیسلامدا هەیە بەڵام ئێمە دەبێ سەیری پراکتیزەکردنی ئەوعەدالەتە بکەین لەمێژووی ئیسلامدا، بۆ نموونەکە ئیسلام عیراقیان گرت لەسەردەمی ئوومەویەکاندا ئەو کەسانەی کەنەبوون بە ئیسلام لەسەرەتادا لەسەر ئەرزی زراعی خۆیان

دەمانەوە بەڵام دەبوایە (جزیە) بدەن، لەبەر ئەم هۆیە زۆربەیان بوون بە ئیسلام تا جزیە نەدەن بەڵام ئومەویەکان جزیەیان لەسەریان لانەبردن بێگومان ئەمەش پێچەوانەی بنەما بنەڕەتیەکانی ئیسلامە.

مێژووی فیکری سیاسی ئیسلامی دەڵێ: هەر کەسێ حوکمت بکات تۆ نابێ بەرهەڵستی بکەی چونکە ئەوە قەدەرتە و خوا وای داناوە و فوقەهای ئیسلام تەنزیری ئەم مەسەلەیان کردووەکە بۆچی نابێ تۆ بەرهەڵستکاری مستبد و زاڵم بکەیت چونکە دەبێتە مایەی فیتنە لە ناو کۆمەڵگای موسڵماندا.

لە ل14 دا دەڵێ: (یەکێک لە ڕەهەندەکانی تری ئەم مەسەلەیە کە پێویستە سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە ئەم هێزە ئیمپریالیستیە لە ڕەهەندی موتعالی دەدات لە ژیانی ئینسانەکاندا و ئینسان کورت دەکاتەوە بۆ یەک ڕەهەند ئەویش کردنیەتی بە بوونەوەرێکی ئیقتیصادی ولێدانە لە هەموو ڕەهەندە ڕووحیەکان و هێشتنەوەی تەنها ڕەهەندی حیسسی . سەرمایەداری پێویستی بە ئینسانی ڕووحانی نییە و بۆ ئەوەی سەرمایەداری پایەدار بێت پێویستی بە ئینسانی حیسسی هەیە، واتە ئەو ئینسانەی کە تەنها بۆ ئەم چرکە ساتە دەژی و کاریش دەکات بۆ ئەم چرکە ساتە و لە پێناو ئارەزووە چرکەساتیەکان و ئارەزووە جەسەدیەکاندا دەژی و سەرمایەداریش ئارەزووی تری بۆ دروست دەکات، ئارەزووەکان دەبێ تێر بکرێن و بۆ ئەوەی ئارەزووەکان تێر بکرێن دەبێ ئیش بکرێت ئەمە ئەو دەوامەیەیە کە من ناوی دەنێم بە بەربەری کردنەوە واتە کردنەوەی ئینسان بەبەربەری و کوشتنی مطلق و حەقیقەت و خودا . بیهێنە بەر چاو سەرمایەداری چۆن دەتوانێ لەناوچەیەکدا بژی کە ئینسانەکان ڕەهەندی متعالیان هەبێت و بەشی ئەوە ئیش بکەن کە بتوانن ژیانی ڕووحیشییان مسۆگەر بکەن، لێرەوە لێدان لەئیسلام کە ڕووحانیەت یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی، لێدانە لە هەموو ئەو ئەگەرانەی کە ڕۆژێک هێزێک بێت و ئەم ڕەهەندانە زیندوو بکاتەوە کە باوەڕی من ئەمڕۆ لە دونیای ئیسلامدا ئەو هێزە نییە، بەڵام ئینسانی سادەی موسڵمان بە شێوەیەک لە شێوەکان تا ئەو جێگەیە قودرەتی هەیە توانیویەتی ئەم ڕەهەندە بپارێزێت، ئەوەی کە چەند مانا ڕۆحیەکان لە دەست داوە شوێنی گفتوگۆیە .... ئەوەی جێگای داخە ڕۆشەنبیران ئەم ڕاستیە نابینن...)

بە خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەر و ئەسحابەکانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئیسلام هیچ گرفتێکی فیکری لەگەڵ بیری سەرمایەداریدا نییە بەڵکو دەتوانم بڵێم کە ئیسلام یەکێکە لەو ئایینانەی کە زۆریش پشتی سەرمایەداری دەگرێ، چۆن؟

پێغەمبەری ئیسلام خۆی مێردی ژنێکی سەرمایەداربوو و ئەسحابەکان هەموویان سەرمایەداری گەورە بوون وەک عوسمانی کوڕی عەفان، هەشە لە دواییدا بوو بە دەوڵەمەند بۆ نموونە عبدالرحمانی کوڕی عەوف کاتێ کە هاتە مدینە هیچی نەبوو بەڵام پاش مردنی ئەو زێڕەی بە جێی هێشت ئەوەندە زۆر بوو کە بە تەور نەدەبڕا(3)

لە لایەکی ترەوە سەرمایەداری مرۆڤ کورت دەکاتەوە بۆ مرۆی حیسسی، ئەمە تناقض نییە لەگەڵ ئیسلامدا چونکە لە ئیسلامدا (ڕەهبەنە) نییە، واتە نابێ تۆ ژیانت تەنها بۆ عیبادەت تەرخان بکەیت و ژن نەهێنی وەک ئەوەی لای مەسیحیەکان هەیە، پێغەمبەر ئەسحابەکانی خۆی هانداوە ژن بهێنن ئەگەر ژنەکە کچ بێ باشترە لەوەی کە بێوەژن بێ (هلا تزوجت بکرا تلاعبها و تلاعبک...).

باشە هێنانی چوار ژن لە لای مرۆی موسڵمانەوە و کڕینی بێ شوماری (جاریە) کەنیزە ئەمە ئەگەر مانای ژیانی حیسسی مرۆی موسڵمان نەبێ ئەی چی ژیانی حیسی یە؟

ئەمەیان لەم دونیای ئێمەدا، ئەی لەو دونیای دوای مردندا مرۆی موسڵمان چی چاوەڕێی دەکات، وەسفی ئافرەتی جوان هەر پیاوێکی موسڵمان کە بچێتە بەهەشت 72 حوری و کۆشکێکی چەند نهۆمی دەدرێتێ و خزمەتکاری نێری زۆر جوانیان هەیە و پێویست بەکار و هەڵسانەوە ناکات چونکە میوەی بەهەشت وا بە دارەکاندا شۆڕبۆتەوە کە پێویست ناکات هەڵبستیتەوە بۆ لێکردنەوەیان و ڕووباری هەنگوین و ڕووباری شیری لێیە، ئەوەی مرۆڤ بە خەیاڵی دانایەت لێەتی.

ئەی ئەگەر ئەمە ژیانی حسسی نەبێ چ شتێک ژیانی حسسیە؟ بۆ ئیسلامەکان و پێغەمبەری ئیسلام هیچ "تناقض" ێک لە نێوان ژیانی ڕوحی خۆیان و ژیانی حیسسیدا نەدەدیت؟ مێژووی ئیسلام و قورئان ڕایەکانی مامۆستا ڕەفیق بە درۆ دەخەنەوە و نە شارەزایی لەم بوارەدا دەردەخەن .

بێ گومان پرۆژەی هەیمەنەی ئەمریکی هی دوای 11ی Sep نییە، ئەی بۆ ئەو کاتەی کە ئیسلامییەکان و دەوڵەتە ئیسلامیکان هەموویان لەگەڵ ئەمریکادا یەک جەبهە بوون بەرامبەر بە فیکری شیوعی لە ئەفعانستان، بۆ ئەو وەختە موسڵمانەکان بیریان لە ڕەهەندی متعالی خۆیان نەدەکردەوە؟

مێژووی ئیسلام واتە مێژووی مرۆڤ بە هەموو چاک و خراپییەک و ڕاستی و درۆ و لاوازی و بەرزی و نزمی و شکۆمەندی ئەو مرۆڤانەی کە مێژوویان بەرهەم هێناوە. دەبێ ئێمە ئەو ڕاستیە لە بیر نەکەین کە ئەو مرۆڤانەی ناو مێژووی ئیسلام ئارەزووی ڕوحی و سێکسی و جەمالی و چڵێسی خۆیان بە زیادەوە تێر کردووە و تەنانەت خەلیفەکانیش لەم قاعیدەیە بە دەر نین ئەوان تا توانیان ئارەزووە حسسیەکانی خۆیان تێر کرد تا دەگاتە پلەی هۆمۆ سێکسوالیەتی نموونەشیان وەلیدی کوڕی مەروان و ئەمینی کوڕی هاڕوون الرشید 4).

ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهانی غەربیدا پێی دەڵێن پۆرنۆ (Porno) ئەوە لەکەلەپووری ئیسلامدا زۆر ئاسایی لە ژیان خەلیفە و ڕەعیەکانیدا هەبووە و هیچیش لە پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە کەم نەکردۆتەوە 5)

سەیر ئەوەیە لە کۆتایی ئەم پەرەگرافە مامۆستا ڕەفیق دەڵێ: (ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە "ڕۆشەنبیران " ئەم ڕاستیە نابینن، بۆ داخی لێ دەخۆی ڕۆشەنبیران نابێ هەموویان وەک تۆ بیر بکەنەوە و تازە گەڕاوە بن بۆ سەر (کانوونی ئیسلام)، لەوانەیە ڕۆشەنبیران هەندێ ڕاستی تریان لێوە دیار بێ کە لە تۆ خافی یە.

ئینجا پاش ئەوەی مامۆستا ڕەفیق ئاوەڕ دەداتەوە دەبینێ کەسی لە دواوە نی یە بۆ هێرش کردنە سەر مۆدرێنە و دونیای ئەمرۆ و قییەمی غەربی و ئەمریکا، دەست دەکات بە شی کردنەوەی ئەو مەخلووقەی ناوی „ڕۆشەنبیر" ە و هەر دەم دوو کەوانەی بۆ دەکاتەوە و دەڵێ ئەم ڕۆشەنبیرە بروای بە دیموکراتی هەیە وەک ئەوەی دیموکراتی تانەیەک بێ و خۆیشی _ واتە مامۆستا ڕەفیق _ حاشای لێ دەکات کە دیموکراتی بێ، هەروەها دەڵێ: ئەم ڕۆشەنبیرە تێکستە گەورەکانی نەخوێندۆتەوە! کەس لیڤانیەتی هۆبز و میکیاڤیلی دیسکورس لە بارەی میتۆد نەخوێندۆتەوە تەنها خۆی نەبێ.

هەر لە ل 15 دەڵێ: (من کە بە چەند زمانێک دەخوێنمەوە ... بە ڕای ئەم ڕۆشەنبیرانە ئیسلام {پری _ مۆدرێنەیەPre – Modren} و شارستانیەتی ڕۆژئاوایی مۆدرێنە بە مانایەکی تر ئیسلام دواکەوتووە و خۆر ئاواش پێشکەوتوو...)

بە بێ هێنانەوەی یەک نموونە لە قسەی ڕۆشەنبیرانی کورد کە چۆن باسیان لە نامۆدرێنێتی ئیسلام و مۆدرێنێتی ئەوروپا کردووە، ئەم تۆمەتە دەداتە پاڵ ڕۆشەنبیری کورد، لە ڕاستیدا نووسەرمان زۆر کەم هەیە خۆیان لە قەرەی ئەم باسە دابێ و هەقێ خۆیانیان پێی دابێ، ئەوە ناڵێم کە هەندێ ناسیونالیست سەروگێلاکی مەسەلەکەیان شکاندووە بەڵام بە ئاشکرا ئایدیولۆژیالە نووسینەکانیان دیارە سەرەڕای کەم شارەزایی.

لە ل15 دا دەڵێ: (... ئەم شەڕەی ئیسلام شەڕ نییە لەگەڵ خۆرئاوا بەڵکو شەڕە لەگەڵ ئەو بۆچوونە تەختەدا کە ڕەهەندی ڕۆحانی لە دەست داوە و تیایدا ئینسان بوونەوەرێکی ئیقتیسادیە و باوباپیریشی مەیموونە و ئایندەشی مەعلووم نییە، مادامێک نە لە ڕابردوودا نە لەداهاتوودا خودا نییە، دەبێ ئینسان بۆ ئەم ساتە بژی ... هەرلێرەشەوە مەسیحیەت بە شێوەیەک لە شێوەکان دژی مۆدرێنە دەوەستێت وە لە گەڵیدا نییە ...)

ئا لێرەدا شتەکان تێکەڵ دەکات و وەک مفتی سعودیە قسە دەکات نەک وەک کاندیدێکی دکتورای فەلسەفە باسی مەیموونی باوکی مرۆڤ دەکات و باس لە نەبوونی خودا _ واتە نەبوونی خێر و بینا لە ژیانی مرۆڤدا، بینای حەزارە هیچ پەیوەندی بەوە نییە کە تۆ چەند باوەڕت بە بونی خودا هەیە. مێژووی مرۆڤایەتی پێمان دەڵێ کە زۆر ئیمانداران لە ئاژەڵ دڕندەتر ژیانی خەڵکیان شێواندووە و وڵاتانیان خاپوور کردۆتەوە. مانای ئەوە نییە کە چەند ئیماندار بووی هەر ئەوەندەش خێرمەندی، تەنانەت دەبێ بە بیری مامۆستای بەڕێز بهێنمەوە کە شەرت نییە هەر تەنها مرۆڤی ئیماندار خێرمەند و مرۆی ملحد خراپەکار بێت. هەروەها لێرەدا مامۆستا ڕەفیق هەست بەوە دەکات کە ئایینی مەسیحییش کە لە سەرەتای دیمانەکەدا ڕەخنەی لێ دەگرت ئەویش مرۆڤانەیە و دژی مۆدرێنەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەڵام مەسیحیەکان هەڵناستن بە اعلانی جیهاد لە دژی

غەیری خۆیان، ئێمە لە غەرب دەژین و ڕۆژانە چەندەها تەمسیل و شانۆگەری و کتێب لە سەر ژیانی مەسیح دەردەچێ و گاڵتەی پێ دەکەن و ئینکاری بوونی دەکەن و مەدحیشی دەکەن هەندێکیان، کەنیسەی مەسیحی زۆر بە هێمنی وەلامی هیچیان ناداتەوە چونکە دیموکراتن و لەگەڵ مۆدرێنەدا دەژین کەواتە مەسیحییەت خۆی لەگەڵ مۆدرێنەدا ڕاهێناوە، دیارترین کاریگەری مۆدرێنە لەسەر مەسیحیەت داواکردنی پاپا پۆلسی 2 عەفو لە هەموو ئەو تاوانانەی کە کەنیسە بە درێژایی مێژوو بەرامبەر بە هەر تایەفە و کەسایەتییەک کە کردبێتی. ئەمە تا ئێستا هیچ ئایینێک جورئەتی ئەوەی نەکردووە بڵێ من هەڵەم کردووە و مرۆڤم بە ناهەق کوشتووە.

ل16 هەر لەم لاپەڕەیەدا مامۆستا ڕەفیق باسی مۆدرێنەمان بۆ دەکات کە چۆن دەبێ لە جیهانی ئیسلامیدا بیخوێنیتەوە و لەبەر ئەوەی ئێمە موتەئەسرین بە عەرەب وەک خۆی دەڵێ کەواتە دەبێ وەک عەرەب بکەین و وەک تورک نەکەین چونکە تورکەکان کۆمەڵێ جنرال بوون و بڕیاڕیان دا تورکیا دەبێ مۆدێرن بێ.

بەڵام ئایا بۆ نابێ تەجروبەی تورکیا بخوێنینەوە، چونکە تورکیا دەوڵەتی خەلافەی عوسمانی کۆتایی پێ هێنا و لەو ڕۆژەوە فەندەمەنتالە موسڵمانەکان و نووسەری لەمەڕ خۆشمان باوکەڕۆیانە بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی یان قورەیشی، گرنگ ئەوەیە خەلافەت دەبێ بگەڕێتەوە، ئەگەر سەیرێکی نووسینەکانی محمد ئەرکۆن بکەین دەبینین ئەو تەجروبەی تورکیای بەرز نرخاندووە.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا دوو شت دەکات بە دژی یەک و دوو شتیش بە یەک، لە لایەک فەلسەفەی یۆنانی کۆن (وەک خۆی دەڵێ تێکستە گەورەکان) تەنها لایەنە ئایدیالەکەی دەبینێ و لەگەڵ حەقیقەتدا دەیان کات بە یەک و هەر کەسێک لەم خەتەی لابدات ئەوا بە حوکمی مامۆستا ڕەفیق نە فەیلەسوفە و نە هیچ.

لە لایەکی ترەوە ئیسلام دەکات بە دژی مۆدرێنە کە ئەمەش هەڵەیە چونکە مۆدرێنە نەهاتووە بۆ ئەوەی ئیسلام لە ناو ببات، بەڵکو ئیسلام ئایینە و  مۆدرێنەش مۆدرێنەیە بە هەموو ڕەهەندکانییەوە و یەکێک لەو ڕەهەندانە خوێندنەوەی تێکستە ئایینیەکانە لەبەر ڕۆشنایی زانستە نوێیەکاندا، بۆ نموونە ئەو دراسە سیمۆتیکیانەی کە د. نصر حامد ابو زید لەسەر(نەص)ی قورئانی دەکات، کارێک نییە دژ بە ئیسلام بەڵکو کارێکی زانستیە و لە ڕاستیەکان دەکۆڵێتەوە، خوێندنەوەی کلتووری ئیسلام لەبەر ڕۆشنایی زانستی نوێی زماندا خەڵکێکی نەزانی هەراسان کردووە کە مێشکیان تەختە و یەک ڕەهەندی هەیە.

دوایی ڕەخنە لە پۆست مۆدرێنیزم دەگرێ و دەڵێ ئاژاوەی ناوەتەوە و کە تیایدا هەموو شتێک ڕەوایە، گرفتەکە لەوە دایە مامۆستای ئازیزمان حەقیقەت و ڕاستی ئەو مفرداتانە بە مانا ئەفسانەییەکەی تێ دەگات وەک چۆن لە زەمانی سقرات و ئەفلاتووندا تێی دەگەیشتن.

لە لاپەڕە 17 دا مامۆستا ڕەفیق باسی فەلسەفەمان بۆ دەکات و دیدی خۆی بەرامبەر بە فەلسەفەی حقیقی دەردەبڕێ ولای ئەو (فەلسەفە ڕێزی خۆی گرتووە) چونکە (فەلسەفە هێشتا نەبووە بە مەیدانێک کە هەموو کەس بتوانێ بەبێ شارەزاییەکی قووڵ قسەی لەسەر بکات)  من تێ ناگەم شارەزایی قووڵ یەعنی چی؟ دەبێ دکتۆرات هەبێ ئینجا لەسەر فەلسەفە قسە بکەی، ئایا فەلسەفەش بە دەردی (نەص)ی ئاینی ببەین کە هەر چەند کەسێک تێی دەگەن و تەفسیری مەبەستی خوایان بۆ خۆیان پاوان کردووە؟

لێرەدا بە ئاشکرا مامۆستا ڕەفیق داوای مافی ئەوە دەکات هەر خۆی و چەند کەسێکی تر هەقی ئەوەیان هەبێ قسە لەسەر فەلسەفە بکەن، ئەگەر بێتو خەڵک هەمووی لە فەلسەفە تێگەیشت ئەوا کەسانی وەک ئەم ئەهەمییەتیان کەم دەبێتەوە، (... لێرەدا پێویستە بڵێم یەکێک لە خەتەرەکانی مۆدرێنێتی بە دیموکراتیکردنی هەموو بوارەکانی مەعریفەیە کە ئیتر لێرەدا مەعریفە کۆتایی دێت، کەواتە کە ووتمان یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم جەنگە دژی ئیسلامە ئەوەی ئەو ئەگەرانەی کە ئیسلام لە ناو خۆیدا هەڵی گرتووە کانوونێک کە دژی بە دیموکراتی کردنی بوەستێتەوە و دژ بە لێدان لە ڕەهەندە موقەدەسەکەی معرفە بوەستێتەوە ...).

ئا لێرەدا تێکەڵ کردنی شتەکان دەگاتە لوتکە، دەڵێ ئیسلام دژی مۆدرێنەیە چونکە مۆدرێنە مەعریفە دیموکرات دەکات، واتە ئیسلام دژی ئەوەیە خەڵکی ڕەش و ڕووت باس لە فکر بکەن، بەڵێ ئەمە لەناو مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا ڕەگی هەیە، غەزالی هەموو فەیلەسووفەکانی کافر کرد هەروەها لەسەر دەستی ئەشعەریەکاندا فەلسەفە بە یەکجاری کۆتایی پێ هات ( من تمنطق تزندق )، لە لایەکی ترەوە هەر ئیسلام بوو کە تێکستە گەورەکانی گریکیەکانی لە فەوتان پاراست بە کورتی لە مێژووی فیکری فەلسەفیدا بۆمان ڕوون

دەبێتەوە کە فەلسەفە لە ناو ئیسلامدا پیاوی خۆی هەبووە و لە سەر فەلسەفە کوژراون وەک سەهرەوەردی، حەلاج، جەعدی کوڕی درهەم و هی تریش هەر لە ناو ئەو ئیسلامەشدا بە پشت بەستن بە ئایەت و حەدیس ئەشعەریەکان بە سەرۆکایەتی غەزالی فەلسەفەیان لە گۆڕنا لە هەمووی سەیرتر دان نەنانی مامۆستا ڕەفیق بەزانستی کۆمەڵناسی دا وەک زانستێک کە تەواو جێگای خۆی کردۆتەوە ئەمرۆ لەناو مەعریفەدا و سەرهەڵدانی ئەم زانستە بە پیلانێک دەزانێ دژی فەلسەفە و بەشێوەیێکی گاڵتەئامێز باس لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستە گرنگە دەکات ولای سەیرە کە یەکێک هەوڵ بدات لەسەر ژنی قەیرە لەکوردستاندا بنووسێ، لەناو رستەکانیدا سووکایەتیەکی ئاشکرا بە ئافرەت هەستی پێ دەکرێت کەچی خاتوو ناسک متەقی لێوە نایەت، بە تایبەتی کە بە زمانێکی گاڵتەجاڕیەوە دەڵێ: (پسپۆر لە بواری ژنی قەیرەدا).

خوێنەری بەڕێز بڕوانە مامۆستا ڕەفیق چۆن  بڕوای بە عەقلی خوێنەری کورد نییە کە دەڵێ: (... بەڵام خەڵکی سادە ناتوانێ بەم کارە فیکرییە گەورانە هەڵستێت ... ئەم پرۆژەیە خەڵکێکی پێویستە کە خوێندەوار بێت بە مانای ترادیشن بیرکەرەوە بێت ...6) خەڵکی سادە واتە خوێنەری کورد و ئەم ڕایەشی هەر دەچێتە خانەی احتکارکردنی فکر هەر بۆ خۆی.

بە ڕای مامۆستا ڕەفیق جگە لە خۆی دوو کەسی تر هەن هەقی دەم کوتانیان لە فەلسەفە هەیە ئەویش ئەفلاتوونی ڕەحمەتی و سید حسین نصرە کە ئەم دوو زاتە یەکێکیان زۆر مەشهور و ئەوی تر زۆر مەغموورە خۆزگە مامۆستا ڕەفیق کتێبێکی سید حسین نصری بۆمان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی تا بزانین ئەم سید حسین نصرە کێیە و چ فەتحێکی لە بواری فەلسەفەدا کردووە و چەند بیرۆکەی ناو ئەم دیمانەیە هی ئەوە.!

ل18 لە وەڵامی: (بە ڕای بەڕێزتان چۆنیەتی ماملەکردنی ئیسلامیەکان لە پەیوەندی بەم هێرشە یەک لە دوای یەک و بەردەوانەی بۆ ئیسلام چۆن هەڵدەسەنگێنی؟) دا دەڵێ: (... ئەوەی ئەمرۆ لە وولاتە ئیسلامیەکاندا دەیبینین بریتیە لە تێگەیشتن لە جەوهەری ئەم هێرشە و هەندێ کەس لە دوونیای ئیسلامدا بوونەتە کەسانی ئەپۆلۆبیست {عوزر خوای هێنەرەوە} و کەوتوونەتە ئەوە پاکانەوە بۆ ئیسلام بهێننەوە کە چۆن ئیسلام ئایینێکی خێرخوا و ئاشتی خوازە لە کاتێکدا ئایینی ئیسلام ئایینی جەنگاوەرانە و ئەمەش یەکێکە لە گەورەییەکانی ئەم ئایینە...).

ئسوولیە ئیسلامیەکان هیچ شتێکی جیاوازیان لەگەڵ پەرەگرافی سەرەوە نەووتوە ئەوان دەڵێن ئێمە دەبێ جیهاد بکەین بالنفس دژی دووژمنەکانمان کە یەهوود و مەسیحین و دەبێ لەناویان ببەین یان هیچ نەبێ ئەگەر لە وولاتێکدا ژیان کە ئیسلامی بوو دەبێ جزیە بدەن، ئەمەشیان ( تناقض) یکە کە مامۆستا ڕەفیق تێ کەوتووە لەگەڵ ل(21) دا کە باس لەوە دەکات ابن رشد جیهاد بە کۆششی عەقلانی دەزانێ.

ئیسلام ئایینی جەنگاوەرانە و گەورەییشی لەوەوە هاتووە کەوایە، ئەم دێڕە اعجابێکی قوولی بە خوێن ڕشتن و بێ تۆلەرانسی ناو فکری مامۆستا ڕەفیقە، هەروەها دەڵێ (... من خۆم کەسێکی دیموکراتی نیم بەڵام باوەڕم بە بواری مەدەنی هەیە بە پشت ئەستوور بە فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ ئەم بوارە مەدەنیەش هیچ بۆنەیەک نییە کە بە بەهایەکی خۆرئاوایی لە قەڵەم بدەین چونکە ئەم بوارە لەنێو شارستانیەتی ئیسلامیدا و وجوودی هەبووە...).

بە ئاشکرا دیارە کە مامۆستا ڕەفیق گرێیەکی دەروونی هەیە لەگەڵ هەندێ دەستەواژەدا بۆ نموونە دەڵێ بیرمەند یان خوێندەوار نەک رۆشەنبیر یان دەڵێ بواری مەدەنی نەک دیموکراتیەت.

گرنگ ئەوەیە مامۆستا ڕەفیق جێگای ڕێزە کە دەڵێ من دیموکراتی نیم و جورئەتی ئەوە دەکات وا بڵێ لە دوونیای ئەمرۆدا کە تۆ دیموکراتی نەبی ئەوا عەکسەکەی ئاشکرایە چی یە.!

مامۆستا رەفیق دەڵێ من باوەڕم بە دیموکراتی نییە بەڵام باوەڕم بە بواری مەدەنی هەیە چونکە لەناو ئیسلامدا بواری مەدەنی هەبووە، ئەگەر ئەم قسەیە وابێ دەبێ ئێستا هەموو ئەوروپا و ئەمریکا و جیهان بێن و لە وولاتە ئیسلامیەکان فێری بواری مەدەنی بن چونکە زیاتر لە 1400 ساڵە ئیسلام ووجوودی هەیە و هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئەمرۆ کۆمەڵگای مەدەنی لە مێژووی ئیسلامدا ووجودی نەبووە و داواکارم مامۆستا ڕەفیق بۆمان ڕوون بکاتەوە چۆن ئیسلام بواری مەدەنی تێدا هەبووە، نموونەیەکی زۆر کورت لەسەر بواری

مەدەنی (ئەنفال) – مەبەستم ئەنفالی بەعس نییە – دەستەواژەیەکی ئیسلامیە و ماناکەی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم.

هەروەها مامۆستا فاروق ڕەفیق بە دەردی نووسەرە ئیسلامیە قەومیە عەرەبەکان بیردەکاتەوە چونکە ئەوانیش هەرچی دەسکەوتی زانستی ئەمڕۆ هەیە لەناو فکر و زانستدا شتێکی وەک خۆی بۆ دەبینینەوە لە کلتووری عەرەبیدا و ئەمەش نیشانەی خۆ بە کەم زانینە.

لە ل 19 دا مامۆستا ڕەفیق هۆی سەرهەڵدانی تیرۆری ئیسلامی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمان بواری مەدەنیان نەدراوە.

ل20-21 لە وەڵامی هەڵوێستی بزووتنەوە ئیسلامیەکانی جیهاندا بەرامبەر ئەم ڕووداوانەی چۆن هەڵدەسەنگێنێت بە تایبەت کە وەکو تارگێتێکی سەرەکی بۆ ئەم جەنگە دەستیشمان کراون؟ دەڵێ: (ئیسلام دابەش دەبێتە سەر سێ ڕەهەند: شەریعەت، تەریقەت، بورهان)، لێرەدا چەندەها پرسیار سەریان قوت دەکەنەوە ئێمە دەمانەوێ بزانین کێ وای ووتوە؟ ئەگەر ئیسلام خۆی وا دەڵێ کوا بەڵگە؟، ئەگەر ڕای جەنابیشێتی پێویستە بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەگەر لە یەکێکی تریشی وەرگرتووە کوا سەرچاوە؟

دیارە ئەم تەقسیم کردنە ئاسەواری (محمد عابد الجابری) بە سەرەوە دیارە کە ئەویش عەقلی عەرەبی بۆ سێ ڕەهەند دابەش دەکات ( برهان، بیان، عرفان ) و دەست دەکات بە نقدی بزووتنەوە ئیسلامیەکان چونکە ڕێگرن لە بەردەم دروست بوونی (ڕێنسانس) دا، مامۆستا ڕەفیق وا بیر دەکاتەوە مێژووی ئیسلام پێویستی بە تێپەڕ بوونە بە قۆناغی ڕێنیسانسدا هەیە و ئەم بزووتنەوانە ڕێگرن لە بەردەمیدا ئا ئەمەیان چۆن تێ بگەین لە مامۆستا ڕەفیق خۆی داوامان لێ دەکات بە هەموو هێزمان دژی قیەمی غەربی ئەمریکی شەڕبکەین پشتمان بە کانونی فەرهەنگی ئیسلام قایم بێت! دوایی بۆ دەبێ ئیسلام پێویستی بە ڕێنیسانس بێ کاتێ کە هەموو شتێک لەناو مێژووی ژیاری ئیسلامدا تەواوە و پێویست بە نەقد ناکات وەک حیسسی عەدالەت و کۆمەڵگای مەدەنی و ... هتد.

ئینجا دێتە سەر دژایەتی کردنی ئەم سێ دەستەواژەیە و ڕەخنە لە توندڕەوە ئیسلامیەکان دەگرێ چونکە جیهاد بە جیهادی عەقلی نازانن بەڵکو بە زەلام کوشتنی تێ دەگەن بەڵگەشی بۆ ئەم ڕایە قسەی ابن رشدە کەوای ووتوە.

مامۆستا ڕەفیق ئەوە لە بیر دەکات کە ابن رشد فەیلەسوفێکی عەقلانی کەم باوەڕبووە و دواجار کتێبەکانی سوتێنران و ئیسلامیەکان چۆن پابەندی مرۆڤێک دەبن کە فەیلەسوف بووبێت، ئەوان فەیلەسوف و منەزری خۆیان هەیە و تێگەیشتنی خۆیان هەیە جیا لە ڕای ابن رشد و فاروق ڕەفیق، ئەوان باوەڕیان بە ڕای (ابو الاعلی المودودی و حسن البنا و سید قوتب)ە .

ئێستاش لە ناو کلتوری ئیسلامدا جیهاد مەسەلەیەکی خیلافیە و ساغ نەبۆتەوە کە ئایا فەرزەکفایەیە یان (فرض عین) ەواتە لەسەر هەموو کەس واجبە، هەندێکی تر دەڵێن (فرض کفایە) یە واتە هەندێ کەس بیکا لەسەر هەندێکی تر لادەکەوێ.

لە کۆتایی وەڵامەکەشیدا مامۆستا ڕەفیق لە بیری ناچێ دیسان هەر خۆی بە تاکە کەس بزانێ لە بواری قسە کردن لەسەر ئەم مەسەلانەدا کە دەبێ (.... بەڵام کەسێک دەتوانێ کەتێگەیشتبێت لە کوێ وە قسە دەکات و لەسەر چی قسە دەکات...)

مامۆستا ڕەفیق وا تێ گەیشتووە ل23 کە بزووتنەوە ئیسلامیەکان لایەنە فکریەکانی ئیسلامیان فەرامۆش کردووە و هەر خەریکی کاری شەریعەتن واتە تەتبیق کردنی شەریعەتن، لێرەدا مامۆستا ڕەفیق شتێکی زۆر گەورە لە بزووتنەوە ئیسلامیە کوردیەکان داوا دەکات ئەوان چەند ساڵێکە دروست بووینە و ئەوانەی ڕێبەرایەتیان دەکەن لەو مستەوا فکریە نین کە لەسەر فارابی و ئیبن سینا و ئیبن عەرەبی و ئیبن رشد و خودی ئیمامی غەزالی بنووسن، چونکە ئەوان ئەمانەی سەرەوە بە کافر دەزانن غەزالی لێ دەرچێ و ئەوان بە قەد مەلایەکی دوازدە عیلمی کوردستانیش علیمیان پێ نییە بە ماناترادیشنەکەی، کە ئەگەر بێت و سەیری سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوانە بکەین دەبینین زۆربەیان نە مەلان نە دەرچووی زانکۆکانن.

له لایەکی ترەوە مامۆستا ڕەفیق بەڕیز کردنی فارابی و سەهرەوەردی و ئیبن سینا وئیبن عەرەبی و مەلاسەدرا و ئیمامی غەزالی، هەڵەیەکی گەورە دەکات چونکە ئەمانە ئیسلامیەکان بە کافریان دەزانن و بەرهەمەکانیان ناخوێننەوە.

دوایی ئەم ناو براوانە هەر یەکێک لە سەردەمێکدا ژیاوە و جیا لە یەکتر بیریان کردۆتەوە و یەکتریان بە کافر زانیوە و هەبووە لەمانە فەیلەسووفی عەقلانی بووە و هەبووە سووفی بووە هەشبووە هی وەک غەزالی واعز و فەیلەسوفی سوڵتان و خەلیفەکان بووە 7).

مامۆستا ڕەفیق سەرمایەیەکی ڕەمزی گەورە دەدات بە بزووتنەوە ئیسلامیەکان کە درێژ کراوەی ئیبن رشد و سەهرەوەردی و غەزالی و ئەوانی تر بن هەر لەبەر ئەوەشە نەیانتوانیوە لەسەریان بنووسن تا ئێستا.

ئەم بزووتنەوە ئیسلامیانەی ئەمڕۆ درێژکراوەی شێوەبیرکردنەوەی وەک ابو الاعلی المودودی و سید قوتب و حسن البنا و هی ترن، کە شەرت نییە بیرکردنەوەیان ڕاستترین و چاکترین تەفسیر بێ بۆ ئیسلام.

له ل23 دا مامۆستا ڕەفیق دەڵێ: (... ئەو مەخلووقە نەخوێندەوارپڕ لە بووغزەی پیێ دەڵێن {ڕۆشەنبیر} بە هەر چوارلادا هێرش دەکاتە سەر موقەدەساتی ئیسلام و ئەدەبیاتی ئیسلامی و سەرخودی خواوەند، بزووتنەوە ئیسلامیەکان چەند کتێب و لێکۆلینەوەیان لەسەر ئەم دیاردەیە واتە بێ حورمەتی کردن بە موقەدەساتی ئیسلام و کانونی فەرهەنگی ئیسلام نووسیوە؟).

ئەوەی ئەم پەرەگرافەی سەرەوە بخوێنێتەوە و شارەزای دونیای ڕۆشەنبیری کوردی نەبێ وا دەزانێ کورد لە سەرەتای حەرف فێر بوونەوە بە دژی ئیسلام گۆش کراون کە لە ڕاستیدا وانییە، ئەم ڕۆشەنبیرەی کورد کە بە دڵی مامۆستا ڕەفیق نییە بە دڵی منیش نییە چونکە نەیتوانیوە شتێک نە بۆ ئیسلام نە بۆ دژی ئیسلام بنووسێ.

دیارە ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر کوردستانی عێراقە کە 35 ساڵە لە ژێر دیکتاتۆری بەعس دەناڵێنی و بە هیچ شێوەیەک نەیهێشتووە نە کوردە موسڵمانەکان شت بۆ ئیسلام بنووسن، نە ئەو کوردانەی دژی ئیسلامن شت دژی ئیسلام بنووسن، تیرۆر کردنی مامۆستا (عبدالخالق مەعروف) لە هەولێر دیارترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بەعس دژی بیرمەندی کورد بووە8)

من تەحەدای مامۆستا ڕەفیق دەکەم کە یەک کتێبم نیشان بدات قیمەتێکی عیلمی هەبێت دژی ئیسلام نووسرابێت یان کتێبێکم نیشان بدات کە دیفاع بێ لە ئیسلام، من بە ڕاشکاویەوە دەڵێم لە هەردوو بابەت نیمانە، چونکە ڕۆشەنبیری کورد سەرقاڵی ئەفکاری تر بووە و تا ئێستا وەختی نەبووە لە ئیسلام تێ بگات و بۆ نموونە یەکێک لە هەرە زرنگترین ڕۆشەنبیری کورد لەوە نەگەیشتووە ووشەی (طالب الدنیا) مانای چی یە کە لە ناو کلتووری ئیسلامدا بەو کەسە دەووترێ ئاخیرەت لە بیر بکات و هەوڵی دونیا بدات بەڵام ئەم بە (قوتابی دونیا) ی تەرجەمە کردووە کە خوێنەری کورد تێ ناگات مەبەست لەقوتابی دونیا چیە؟9)

خولاسە ئەم مەسەلەیە دەکرێ زۆری لەسەر بنووسرێ، تەنها هەر ئەوەندە لە مامۆستا ڕەفیق دەپرسم تا ئێستا چ ڕۆشەنبیرێکی کورد لەسەر ئیسلامی نووسیوە وەک (برتراند راسل) لەسەر مەسیحیەتی نووسی لە ووتاری ( لماذا لست مسیحیا؟10) بۆچی من مەسیحی نیم، دا، ئەگەر یەکێک وەک ئەو لەسەر ئیسلام بنووسی ئەوا دەبێ دەوڵەتێک بە دوای سەلامەتی شەخسییی دا بێت وەک (سلمان رشدی).

لەم چاوپێکەوتنەدا شەلم و کوێرم ناپارێزم مامۆستا ڕەفیق ڕای لە کەس و لە هیچ شتێک نی‌یە و پێچەوانەکەش هەر ڕاستە، بۆ نموونە ڕای لە ئیسلامی توندڕە و نی‌یە ل 27 بەڵام ئیسلامی بۆ لا گەورەیە چونکە ئاینی جەنگاوەرانە و لە بیری دەچێ کە لێرەدا لەگەل توندڕەوەکاندا یەک دەگرێتەوە.

لە لایەکی تر ڕای لە یەکگرتووی ئیسلامی هەیە چونکە میانڕەون بەڵام لە هەمان کاتدا ڕای لە کارەکانیان نی‌یە چونکە خزمەت گوزارن بە خەڵک خەریکی کردنەوەی مزگەوت و خەستەخانەن، ڕەخنەیەیان لێ دەگرێ کە بۆتە ئەو گەنجە کوردان (تیرۆر) ناکەن کە بە ناوی کۆمۆنیستەوە ئیهانەی ئیسلام دەکەن.

باشترین مۆدێلی حوکم لای مامۆستا ڕەفیق حزبی یەکگرتووی ئیسلامی یە لە پاش بەعس و حزبە کوردیەکان و داوا لە یەکگرتوو دەکات شەرم لە ڕۆشەنبیری کورد نەکات ئەجێندای خۆی بەر پا بکات بە خۆشی بێ یان بە ترشی ڕۆشەنبیرانی کورد چونکە ئەم مەخلووقەی کە ناوی ڕۆشەنبیرە نە باوکی هەیە نە

ئەسل و فەسل بەرهەمی پرۆسەی پەروەردەی جەماعیە (Mass Education) کە ساطع الحصری بەرپای کرد لە عیراق، لێرەدا گەورەترین و دیارترین نموونەی پەروەردەی جەماعی مامۆستا ڕەفیق خۆیەتی چونکە ئەویش چەند سالێکە لە کەنەدایە و لە مەکتەبەکانی عیراق فێر بووە و خۆ مدارسی ئەهلی لە عیراق ووجودی نەبووە.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی مامۆستا ڕەفیق دەکەم بۆ جورئەتی دەربڕینی ڕای خۆی و ئەگەر چی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایانەدا نین، لێرەدا سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە لە سیاقی وەڵامدانەوەی ڕەفیق دا هیچ مەبەستمان تانەدان نەبووە بە ئیسلام وەک خۆی وەک ئایین بەڵام کاتێ کە یەکێک دێ و تەفسیری ئایین و ماناکانی قسەی خوا هەربۆ خۆی پاوان دەکا ئەو کاتە خەڵکی تریش هەن بڵێین نەخێر وا نیەیە ئێمەش موسڵمانین و وای تێ ناگەین وەک تۆ تێی گەیشتووی.

پەراوێزەکان:

.1 بۆ زیاتر شارەزا بوون لە جیاوازی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت بڕوانە: (د. محمد ارکون: الفکر الاصولی واستحالة التاصيل)، ترجمة: هاشم صالح، دار الساقی، لندن، الطبعة 1.

.2 لێرەدا دەمەوێ نموونەیەک بهێنمەوە کاتێک کە دەبێتە مانگی ڕەمەزان لە کەمپی پەنابەران لە هۆلەندا کاتی نان خواردنی هەموو کەمپ دەگۆڕێ بۆ ئەوەی موسڵمانان بتوانن لە کاتی فیتاردا نان بخۆن و دوای فیتاریش هۆڵەندییەکان لە بیریان نە دەچوو هەر م بە ڕۆژوو دەبوو کیسەیەکی خواردنی بۆ دابنێن بۆ پارشێو و پاش پێنچ ساڵ مانەوە لە هۆڵەندا پاسپۆرتی هۆڵەندی دەدرێ بە پەنابەر، باشە چ وولاتێکی ئیسلامی وا بۆ برای موسڵمانی خۆی دەکات؟ ئایا مرۆڤ کە دەربەدەر بوو بچێ بۆ ئێران، یان سعودیە یان هۆلەندا؟

3. بڕوانە:(فرج فودە: الحقيقة الغائبة)، الهيئة المصرية العامة للكتاب1992.ل54.

4. هەمان سەرچاوەی پێشوول128.

5.بۆ نموونە ( واحل الشیعة جماع الفهر للجواری وهو ان ینام بین جاریتین ویتنقل بینهما فی الادخال و یقذف فی احدهما او یجامع جاریة و اخری تتابع ما یجری بینهما وقد ینتقل الیها لیفرغ فیها ... وفی ابواب النكاح فی کتبهم باب یسمی (اعاره الفرج) استقساه الطوسی فی(الاستبصار ) نقلا عن محمد الباقر و ابنه الصادق وهو ان تکون للرجل جاریة فیعیرها لقریبە او صدیقه یتمتع بها ثم یعیدها الیه بعد ان ینتهی حاجته منها ...) یان (کان هارون الرشید جالسا ومعه جاریتان له فقال: لتبت معی واحدة منکما فسبقت احداهما وقالت انا ابیت معک، بادرت الاخری و قالت بل انا فقال للاولی: ما حجتک اللتی ترجح دعواک فقالت: قول الله تعالی والسابقون سابقون اولئک المقربون، فقال للاخری: هذه اتت بحجة فما حجتک انت؟ فقالت: قول الله عز و جل وللاخرة خیر لک من الاولی فقال هارون الرشید: قد اتت کل منکما بحجة بینة وانا ابیت بینکما فبات معهما و نا....هما معا) .بروانە (صادق جلال العظم): ما بعد ذهنیە التحریم، دار المدی، سوریا _ دمشق، 1997، ل 60_61.

6. غەزالی کتێبێکی هەیە بەناوی الجام العوام عن علم الكلام.

7 بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر شارەزای ئەم زاتەبێ بروانە نوسینەکانی د.نەصر( ... ان تسخیر العلم فی خدمه الاهداف السیاسیه للحاکم امر تورط فیه الغزالی فی هدا الکتاب –الرد علی الباطنیة – تورطا لا یستطیع احد تجاهله. فالغزالی الذی یفند الفکر الشیعی استنادا الی اسس عقلیه مکینه یتجاهل هذه الاسس تجاهلا شبه تام فی الباب التاسع من الکتاب { فی اقامة البرهان الشرعی علی ان الامام الحق فی عصرنا هذا هو المستظهر بالله حرس الله زلاله} حیث یکاد یخلع علی الخلیفة العباسی کل الصفات اللتی یخلعها الشیعه علی الامام من حیث العلم والعصمة والاتصال بمشکاة النبوة، وهی الصفات اللتی یردها علی الشیعة علی طول فصول الکتاب، ولا شک ان ادراک الغزالی بعد ذلک لحقیقة الدور الذی قام به من تسخیر فکرة لاهداف الحکام والسلاطین کان وراء ازمته الروحیة اللتی وصلت الی حد ( حبسه ) اللسان عن النطق...) بروانە د.نصر حامد ابوزید. مفهوم النص، ت4.1997.4. بیروت،لبنان،ل266 .

8. مامۆستای گەورە (عبدالخالق معروف) بە یەکەم کەس دادەنرێ کە بە شێوەیەکی هێمن و زانستیانە هەوڵی ئەوەی دابێ بنووسێ ئیسلام چییە و گفتوگۆی ئەوە بهێنێتە ناو ڕۆشەنبیری کوردی یەوە دوور لە

دیماگۆگی، ئەم باسە دەکرێ زۆری لەسەر بنووسرێ و ڕۆشەنبیران لە فرمێسک زیاتر هیچیان بۆ ئەو هەوڵەی مامۆستا عبدالخالق زیاد نەکرد.

9. بروانە رەهەند ژمارە1997،2.ل234.

10. بروانە، مجلة ابداع، العدد12، س9، دیسمبر1997،الهیئة المصریة العامة للکتاب، القاهرة.